**بەش: سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی**

**کۆلێژ: زانستە سیاسییەکان**

**زانکۆ: سەلاحەدین- هەولێر**

**بابەت: تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی سێیەم-سمیستەری یەکەم**

**ناوی مامۆستا: د. پەرویز رەحیم قادر**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| **١. ناوی کۆرس:** | **تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی** |
| **٢. ناوی مامۆستای بەر پرس:** | د. پەرویز رەحیم قادر |
| **٣. بەش/ کۆلێژ:** | سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان |
| **٤. پەیوەندی:** | ئیمێل: **parwez.qader@su.edu.krd** |
| **٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک:** | دوو (٢) کاژێر "سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| **٦. ژمارەی کارکردن:** | دوو (٢) کاژێر"سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| **٧. کۆدی کۆرس:** | PSPS1302 |
| **٨. پرۆفایەلی مامۆستا:** | بەکالۆریۆس لە (زانستە سیاسییەکان) بە پلەی نایاب–کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.<br>ماستەر لە (زانستە سیاسییەکان) بە پلەی نایاب (سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین /هەولێر.<br>دکتۆرای فەلسەفە لە "زانستە سیاسییەکان" (ئاسایشی نەتەوەیی)، بە پلەی نایاب لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.<br>پسپۆری گشتی :تیۆرییە سیاسییەکان.<br>پسپۆری ورد :ئاسایشی نەتەوەیی.<br>پلەی وەزیفی وشوێنی کاری ئێستا :مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی |

| | |
|---|---|
| سەلاحەددین-هەولێر.<br>**بەشێك لە كتێب و توێژینەوە زانستییە بڵاوكراوەكان:**<br>**أ- كتێب**<br>١-كاریگەرییەكانی توركیا لەسەر هەرێمی كوردستان-عێراق(نووسینی هاوبەش) -عێراق، هەولێر: دەزگای موكریانی، چاپی یەكەم، ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٢.<br>٢- سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئێران، هەولێر: دەزگای موكریانی، ٢٠١٤.<br>٣- دەوڵەت و نەتەوە(نووسینی هاوبەش)، هەولێر: خانەی هزریی كوردستان، ٢٠١٧.<br>٤- نشتیمانسازی(نووسینی هاوبەش)، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٨.<br>٥- سیاسەتی دەرەكی و ناسنامە، هەولێر :خانەی موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، ٢٠٢٠.<br>٦- ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، ٢٠٢٠.<br><br>**ب- توێژینەوەی زانستی**<br>١-كاریگەرییەكانی بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، گۆڤاری یاسا و رامیاری، ژمارە:١٧، هەولێر، زانكۆی سەلاحەدین: ٢٠١٥.<br>٢- دیاردەی ناسەقامگیری سیاسی و كاریگەری لەسەر وەرچەرخانی سیستەمی سیاسی ئێران، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی یاسا و زانستەسیاسییەكان:٢٠١٦.<br>٣- ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئێران، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەكان:٢٠١٧.<br>٤- ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی كۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی | |

| | |
|---|---|
| کەنداو، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، ٢٠١٨.<br>٥- ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی تیۆریی کۆنستراکتیڤیزم، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠١٩.<br>٦- کاریگەری ئاسایش لەسەر گەشەسەندن: هەرێمی کوردستان وەك نموونە(٢٠١٤-٢٠١٩)، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠٢٠.<br>٧- رەخنەکانی فمێنیزم لە بنەماکانی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان: فمێنیزمی پۆست-مۆدێرن وەك نمونە، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠٢٠.<br>٨- شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، هەولێر: گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢١ .<br>٩- پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، هەولێر: گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢٢.<br>١٠- ئاسایشی ئابووری لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نموونە، هەولێر: گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢٢.<br><br>**بوارەکانی توێژینەوە و جێگەی گرنگی:**<br>هزرە سیاسییەکانی رۆژئاوا، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەجیهانیبوون، پرسەکانی ناسنامە، دەوڵەت-نەتەوەسازی، سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، تیۆریەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە. | |

١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

گرنگی و ئامانجەکانی ئەم کۆرسە لەم خاڵانەی لای خوارەوەیە:

١- ئەم کۆرس بووکە هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها هۆکاری گەشەسەندن و پەرەسەندی بەشێوەیەکی بەربڵاو و فراوان، هەروەها تێگەیشتنێکی سەردەمیانە سەبارەت بە مانا و چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بەم پێیەش گرنگی و هۆکاری بایەخپێدانی لە لایەن بەشی زانستە سیاسییەکانەوە.

٢- هۆکارێکە بۆ ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتی تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کە پێویستە قوتابی بەشی زانستە سیاسیەکان شارەزای هەبێت لەسەریان، هەروەها ئاماژە کردن بەو هۆکارانەی (ناوخۆی و دەرەکی) کە رۆڵیان بینیوە و دەبینن لە سەرخستن و بڵاوبوونەوەیان بە شێوەیەکی بەرفراوان.

٣- بابەتی تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگی دەدات بە مێژووی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش وەکو بابەت و دیسپلینێکی لاوەکی ( sub-dicipline) لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و هەوڵدەدرێت روون بکرێتەوە، دواتر گوتوبێژەکانی سەر پێناسە و چەمکی ئاسایش، پەیوەندی نێوان بابەتەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەگەڵ روونکردنەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی ئاسایش: پرسی ئاسایش چییە، ئاسایشی کێ، چۆن پرسێک دەبێتە پرسی ئاسایش، چۆن دەکرێت بەدەستبهێندرێت.

٤- بەراوردکردنی تیۆرە جیاوازەکانی ئاسایش، بەواتایەکی دیکە خستنەرووی لایەنە تیۆرییە جیاوازییەکانی دیسیپلین و پارادایمە جیاوازەکانە دەربارەی ئاسایش، چۆن دواجار بوونەتە هۆی گۆڕانی شێوازی پیادە کردنی ئاسایش لە جیهانی پێشکەوتوو و پەرەنەسەندوو. هەروەها دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان ڕێبازە جیاوازەکان، جیاوازییە لە گریمانە و بنەما ئۆنتۆلۆجی و ئیپیستمۆلۆجییەکانی هەر یەکێک لەو ڕێبازانە لەسەر سروشتی ئاسایش. هەوڵدراوە چۆنیەتی گەیشتنی قوتابخانە و تیۆرەکانی ئاسایش بە دەرەنجامی جیاواز لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی روونبکرێتەوە.

١١. ئامانجەکانی کۆرس:

لەم ساڵی خوێندندا چەندین بابەتی گرنگ لە چوارچێوەی وانەی تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دا دەخوێندرێت کە باس لە بایەخ و گرنگی تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمی، لەسەر سەرەتای سەرهەڵدانی و چۆنییەتی پەرەسەندنی و پاشان دراسەکردن و خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ تیۆرییە سەرەکییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی .

ئەو تیۆرانە یارمەتیدەر دەبن لە دۆزینەوەی میکانیزمە جیاوازەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە هەڕەشەکانەوە، کە لە شوێن و کاتی جیاوازەوە سەرهەڵدەدەن، هەروەها چوارچێوەیەکی تیۆرری گرنگ تەرخان دەکەن بۆ بیرکردنەوە لە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی بە تایبەتی لە بواری سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ وڵاتە دراوسێکان، تەنانەت لەسەر ئاستی سیستەمی نێونەتەوەیشدا.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

| |
|---|
| قوتابیان پێویستە لە هەموو وانەکان بەشدار بن و لەهەر هەفتەیەك دا بتوانن لەسەر وانەی رابردوو ویاخود وانەکانی پێشووتر گفتوگۆ بکەن، هەروەها ئامادەبن بە شێوەی هەڵسەنگاندنی خێرا تاقیبکرێنەوە. لەسەر قوتابیان پێویستە لە کۆرسەکە دا سمینار و راپۆرت پێشکەش بکەن لەسەر پرس و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە وانەکە. واباشترە کە قوتابیان بێجگە لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سوود لە سەرچاوەکانی تر کە خراونەتەروو و پێشکەشکراو وەربگرن. |
| **١٣. رێگەی وانە ووتنەوە:**<br>لەم ساڵەدا مامۆستای وانەکە ناوەرۆکی بابەتی وانەکە لە شێوەی وانە یاخود "محازەرات" بە پێی ئەو خشتەیەی کە دەیخەینە روو بۆ قوتابیان پێشکەش دەکات بە سوود وەرگرتن لە" وایت بۆرد" و "داتاشۆ"، لەگەڵ بەشداری پێکردنی قوتابیان لە رێگەی پرسیار و وڵام و رەخساندنی بوار بۆ گفتوگۆ و راڤەی بابەت و پرسەکان. |
| **١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**<br>بەم جۆرەی خوارەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران دەکرێت:<br>١. لە رێگای تاقیکردنەوەی کۆتایی سمیستەر.<br>٢. لە رێگای تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خێرا (quiz) .<br>٣. لە رێگای گفتوگۆی ناو پۆل.<br>٤. لە رێگای راپۆرت و وتار نووسین.<br>٥. لە رێگای رێژەی ئامادەبوون و نەبوونی لە پۆلدا.<br>٦. لە رێگای گفتوگۆکردن لە سەر تازەترین رووداو و بابەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و دەرخستنی رۆڵی تێگەیشتن لە تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ شرۆڤەکردنی رووداوەکان و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و رووبەرووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە دەرەکییەکان.<br>هەرجۆرە هەڵسەنگاندنێك نمرەی تایبەتی خۆی لەسەرە، بۆ نموونە تاقیکرنەوەی کۆتایی سمیستەر ٦٠ نمرە و تاقیکردنەوەوی *میدتێرم* ٣٠ نمرە، نمرەی کۆششی مامۆستا ١٠ نمرەیە، کە لە کویزەکان ٢ نمرە، گفتوگۆ و چالاکی ناو پۆل ٣ نمرە و .... هتد پێکدێت. |
| **١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**<br>ئامانجی رِوونی ئەم بابەتە بریتییە لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە سیاسییەکان بۆ ئەوەی تێڕوانین، بیروبۆچون و ڕۆشنبیریەکی زانستیان هەبێت سەبارەت بە |

تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها قوتابیانی ئەم قۆناغە پێویستییەکی زۆریان بەخوێندنی ئەم بابەتە هەیە بۆئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی پسپۆری خۆیان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی دەستنیشانی بنەما و رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بکەن، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی زانستی باس لە تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و چۆنیەتی پێشکەوتنی دەکات و هەوڵدەدات ناروونی و نادڵنیایی قوتابیان لە دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی سێکتەر و بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی نەهێڵێت و تەنانەت قوتابی ببنە کەسێکی لێوەشاوە و بەتوانا لە شرۆڤە و شیکردنەوە ئەکادیمی و هەڵسەنگاندنە پراکتیکییەکاندا لە بوار و رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی.

هەروەها لە رێگەی ئەم بابەتەوە قوتابی و خوێندکارێکی هۆشیار و رۆشنبیر پێدەگەینین بۆ نێو کایەی توێژینەوە و راگەیاندن و تەنانەت دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت.

دیارترین ئەو خاڵانەی کە دەبێت خوێندکار فێریان ببێت لە کۆتای ئەم کۆرسەدا:

١. چوارچێوەی تیۆری بۆ چەمکەکانی " ئاسایشی نەتەوەیی" و پێناسەکانی " ئاسایشی نەتەوەیی"
٢. مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش.
٣. بوار و پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و پرسە ئاسایشییەکان
٤. ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان: بەرژەوەندی نەتەوەیی، ستراتیژی و هێز
٥. مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی
٦. چوارچێوە و بنەمای تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وەکوو؛ ریالیزم و لیبڕالیزم و...هتد.

١٦. لیستی سەرچاوە:

سەرچاوە بنەڕەتییەکان:

١- پەرویز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.

٣- کامەران محمد عزیز، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایی دا، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی، ٢٠١٥.

٤- نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١.

٥- پەرویز ڕەحیم قادر، سیاسەتی دەرەکی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.

٤- نەجات عەلی ساڵح، دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١.

٥- صبری ئاكری، نجدت، الإطار القانوني للأمن القومي، أربيل: مطبعة زانكو، ٢٠٠٩.

٦- على عباس مراد(٢٠١٧)، الأمن القومي مقاربات نظرية، الجزائر؛ ابن النديم للنشر و للتوزيع.

1- Wendt, Alexander (2001); Social Theory of International politics, Cambridge: University Press.

2- Kolodziej, A. (2005) Security and International Relations. Cambridge: Cambridge University Press.

3- McSweeny, B. (1999) Security, Identity and Interests: A Sociology of International Relations. Cambridge: Cambridge University Press.

4- Barry Buzan, People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition (March 1, 2007).

5- Buzan, Barry & Ole Waever (2003) Regions and Powers: The Structure of International Security. Cambridge: Cambridge University Press.

6- Buzan, Barry, Ole Wæver, Jaap de Wilde (1998); Security: A New Framework for Analysis, London, Lynne Rienner Publishers.

7- Ole, Waver (1995); “Securitization and Desecuritization”, in Ronnie D. Lipschutz (ed), On Security, New York: Columbia University Press.

8- Onuf, G. Nicholas (1989); a World of Our Making: Rules and Rule in Social Theory and International Relations. Columbia: University of South Carolina.

9- Katzenstein, Peter J. (2002); "Introduction: Alternative Perspectives on National Security", in Peter J. Katzenstein (ed). The Culture of National Security: Norms and Identity in World Politics, New York: Columbia University Press, 2002.

10- Jones, R. (1999) Security, Strategy and Critical Theory. Boulder, CO:

Lynne Rienner.

11- Katzenstein, J. (ed.) (1996) The Culture of National Security: Norms and Identity in World Politics. New York: Columbia University Press.

12- Baldwin, A. (1995) 'Security studies and the end of the cold war', World Politics, 48(1), 117-141.

13- Baldwin, D. (1997) ‘The Concept of Security’, Review of International Studies, 23(1), 5-26.

14- Basu, S. and Nunes, J. (2013) Security as Emancipation, in: Shepherd L. (ed.), Critical Approaches to Security: An Introduction to Theories and Methods. London: Routledge, pp. 63-77.

| ١٧. بابەتەکان: | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **وانەی یەکەم: خستنەروو و ناساندنی وانەی تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**<br>ئاشناکردنی قوتابیان بە ناوەرۆکی وانە و ئامانجی کۆرس<br>پێدانی سەرچاوەکان بە قوتابیان | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-٩-٧ |
| **وانەی دووەم: مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-٩-١٤ |
| **وانەی سێیەم: چەمک و پێناسەی ئاسایشی**<br>**چەمکی ئاسایش**<br>**پێناسەی ئاسایش** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-٠٩-٢١ |
| **وانەی چوارەم: پرسە ئاسایشییەکان**<br>**١- پرسیارە جەوهەرییەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش**<br>**٢-ئاسایشی کێ ؟**<br>**٣- ئاسایش بۆ کێ؟**<br>**٤- چۆن ئاسایش دەستەبەر دەکرێت؟** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-٠٩-٢٨ |

| | |
|---|---|
| **وانەی پێنجەم: ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان**<br>**١- بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی**<br>**٢- هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**<br>**٣- ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی**<br>**٣- هێز و ئاسایشی نەتەوەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١٠-٥ |
| **وانەی شەشەم : ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تیۆرییە کلاسیکییەکان**<br>**پۆزێتیڤیزم و ئاسایشی نەتەوەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١٠-١٢ |
| **وانەی حەوتەم: ریالیزم**<br>**١- ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**<br>**٢- نیۆریالیزم(ریالیزمی پێکهاتەیی) و ئاسایشی نەتەوەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١٠-١٩ |
| **وانەی هەشتەم: لیبرالیزم**<br>**١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**<br>**٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١٠-٩ |
| **وانەی نۆیەم: ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان**<br>**١- پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم و ئاسایش**<br>**٢- دیاردەی بەجیهانیبوون و پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: سەروەری وەک نموونە** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١٠-٢٦ |

| | |
|---|---|
| **وانەی دەیەم: مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی**<br>**١-تیرۆریزم و تاوانە ڕێکخراوەکان**<br>**٢- پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەش و هەوا**<br>**٣- ئاسایشی سایبەری و چەنگی سایبەری**<br>**٤- کۆچ و هەژاری و نەخۆشییە گوازراوەکان** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١١-٠٢ |
| **وانەی یازدەیەم: تیۆری رەخنەیی و ئاسایش** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١١-٠٩ |
| **وانەی دوازدەیەم: تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم(قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١١-١٦ |
| **وانەی سێزدەیەم: قوتابخانەی ئینگلیزی و ئاسایشی نەتەوەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١١-٢٣ |
| **وانەی چواردەیەم: قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١١-٣٠ |
| **وانەی پازدەیەم: فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٢-١٢-٠٧ |

| | |
|---|---|
| | |

**١٨. بابەتی پراکتیک:**

بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفگتوگۆ و سیمیناری قوتابی/خوێندکاران دەبینێتەوە.

**١٩. تاقیکردنەوەکان:** "نموونەی پرسیارەکان"

**پرسیار: پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی بکە؟**

**پرسیار: بەرژەوەندی نەتەوەیی چییە و هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کامانەن؟**

**پرسیار: بەراوردی تیۆریی نیۆ-لیبرالیزم و نیۆ-ریالیزم لە روانگەی ئاسایشی نەتەوەیی دا بکە؟**

**پرسیار: جیاوازی ئاسایش لە روانگەی پۆزیتیڤیزم و پۆست پۆزیتیڤیزم چییە؟**

٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ:

هاوەڵ: